# دراماى جومعەو گەمەكانى حسێن میسرى

## عومەر كەریم بەرزنجى





درامانووس و دەرهێنەر دەبێت بەوردى لە كەسێتییەكانى ناو دراماكە بڕوانن و هەڵى سەنگێنن و كردەوەكانى لەگەڵ كەسێتییەكەیدا بگونجێت, سەركەوتنى هەر درامایەك دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتویى سیناریست و دەرهێنەر, رەنگە بپرسن ئەى رۆڵى كارەكتەرەكان بێگومان ناكرێت رۆڵى ئەو هونەرمەندانە لە بەرچاو نەگیرێت, وەلێ هونەرمەندێكى سەركەوتوو ناتوانێت سیناریۆیەكى لاواز لاى بینەر بەهێزو بە پێز بكات هەرچەندە بە نواندنێكى سەركەوتوانەش رۆڵى خۆى بگێڕێت,هەر وەك نواندنە جوانەكەى كەسێتى جومعە , ئەوەى لە زنجیرە دراماكانى كاك حسێن میسرى دا سەرنجى راكێشاوم لێدانە لە رەمزە دینییەكان كە خۆى لە مەلاو حاجیدا بەرجەستە دەكات و لەم زنجیرەیەشدا دوو كەسێتى سەرەكى ناو دراماكەى ناو ناوە جومعە كەسێتىیەكى و سادەو ساكارو هەمیشە فریوخواردوى  وەك جومعەى شاگرد و كەسێتییەكى ساختەچىو قۆڵبڕو پارە پەرستى وەك وەستا جومعە, بێگومان جومعە رۆژێكى پیرۆزە لاى موسڵمانان وەك دەوترێت جومعە حەجى موسڵمانانە ناونانى كەسێتییەكى ساختەچىو قۆڵبڕ بە ناوى وەستا جومعە ناشیرین كردنى ئەو رۆژەى هەفتەیە كە رەمزێكى پیرۆزى موسڵمانانە.

خاڵێكى دیكەى سەرنج راكێش لەم درامایەدا گەرم كردنى بازاڕى مەى خواردنەوەیە: كە لە زنجیرە دراماكانى پێشووتریشدا بایەخێكى زۆرى بە مەى خۆرەكان داوە و كەسێتى مەى خۆرى بە كەسێتییەكى فریادرەس و خەمخۆرى دەوروو بەر پێناساندووین, ئایە دەكرێت كەسێك كە بەمەى خواردنەوە بیەوێ خەمەكانى سەرشانى كەم كاتەوەو بۆ چەند ساتێك خۆى لە واقیع دابڕێت, بتوانێت ببێتە كەسێكى خەمخۆرو گیروگرفتەكانى كەسانى دەورو بەرى چارەسەر بكات  لەگەڵ رێزمدا بۆ مەیخۆرەكان....

ئەوەى لەم چەند ئەڵقەیەى دراماى جومعە دا سەرنجى ڕاكێشام كەسایەتى جومعەى شاگردى وەستا جومعەیە, كەسێك دەناسم هەمان كەسێتى جومعەى هەیە: زۆرێك لە برادەرانى ناویان ناوە جومعە وەلێ جیاوازى ئەم كەسەو جومعە ئەوەیە ئەم لەلایەن برایەكى خۆیەوە ستەمى لێ دەكرێ و هەرچى پارەیەكى دەست دەكەوێت لێى دەسەنرێت,ئەمیش وەك جومعە خەون بەژنەوە دەبینێت, وەلێ ئەم كەس بەڵێنى ئەوەى پێنەداوە كە ژنى بۆ بهێنێت... براكەى پێى دەڵێت تۆ شێتیت كێ كچ دەدات بەشێت ئەم كەسە گێلەو بەردەوام فریو دەدرێت بەبێ ئەوەى بەئاگا بێتەوە رەنگە جومعە بەئاگابێت وەلێ كەى: دەوترێت بۆ ئەوەى شتێك بەدەست بهێنیت دەكرێت شتێك لەدەست بدەیت كارەساتى گەورە لەوەدایە تەواوى ئەو شتانەى هەمانە لە دەستى بدەین بەبێ ئەوەى هیچ شتێك بەدەست بهێنین, وەستا جومعە دەیەوێت لەڕێى بەشوو دانى كچە كانییەوە پشكێك لەو سەروەت و سامانەى مەلا نەجمەدینى گەزۆو حاجى سمایل بەدەست بێنێت ئەو تەنها خەونێك كە هەیەتى بەدەست هێنانى سەروەت و سامانە و هیچى تر .

خاڵێکی تری سەرنج ڕاکێش ئەو کردەوەیەی عومەر فلاشە کاتێك مناڵێك دەبینێت ئۆتۆمبیل لێی دەدات و هەڵدێت ئەم وێنەی ئۆتۆمبیلەکە دەگرێت لێرەدا ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە ئایا بۆچی عومەر فلاش ژمارەی ئۆتۆمبیلەکەی نەگرت, ئەگەر خوێندەواری نییە کارەکەی لەجێی خۆیدایە بەڵام پێشتر عومەر فلاش دەبینین کە وێنە بۆ دووکوڕ دەگرێت وەسڵێکیان دەداتێ و لەسەر وەسڵەکە دەنوسێت کەواتە خوێندەوارەو توانای نوسینی هەیە : ئەم کارەی عومەر فلاش ڕوداوێکم دێنێتەوە یاد. چەند ساڵێك لەمەوبەر هەر لە سلێمانیدا کوڕێکی کەم ئەقڵ پێش نیوەڕۆیەك لەگەڵ دایکیدا دەچن بۆ بازاڕ لە ڕێگا دایکی ئۆتۆمبیل لێی دەدات, ئەمیش لەبری ئەوەی ژمارەی ئۆتۆمبیلەکە بگرێت و دایکی بگەیەنێتە نەخۆشخانە لەوێ هەڵدێ دەمی ئێوارە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە لێی دەپرسن کوا دایکمان دەڵێ ئۆتۆمبێل لێی داو بەجێی هێشت لێی دەپرسن ئێستا دایکمان لە کوێیە دەڵێ نازانم تامن چوم پۆلیس بێنم دایکمی لێ نەمابوو, پێی دەڵێن ئەی باشە ژمارەکەیت نەگرتووە دەڵێ نەخێر خۆ قەڵەمم پێنەبوو.

هاوکات دەمگێڕێتەوە بۆ درامای حسەینە فەنی کاتێك دوو کوڕەکەی کەریمی میرزا ڕەشی( حەمەو کاوە ) بیر لە دزینی تەسکەرەکەی شەوبۆ دەکەنەوە تا لەمیراتییەکەی پوریان ( ناهی خان ) بێبەشی کەن: لێرەدا دەکرێت بپرسین ئایا بەدزینی تەسکەرەیەك ئیدی دەکرێت شەوبۆ لە مافی خۆی بێبەش بێت, ئایا کاك حسێن نازانێت لە دائیرەی نفوس دا هەموو بەڵگەنامەیەکی باری کەسی پارێزراوە و ئەگەر تەسکەرەکەیشت ون بکەیت دەتوانیت تەسکەرەیەکی تر دەربهێنیتەوە, ئەگەر دەرهێنەر ئەوکارە گێلانەیە دەگێڕێتەوە بۆ کورتبینی حەمەو کاوە, هیچ کەسێك متمانە ناکات کەسێکی وەك حەمە کە هەمیشە لەبیری خۆ پێگەیاندن و قۆڵبڕینی ئەم و ئەودایە بەو جۆرە بیربکاتەوە, ئایا پێشتر نابێت سیناریست بەوردی بەو دەقەدا بچێتەوەو دواتر کاری تێدا بکات لە دوا ئەڵقەی ئەم زنجیرەیەشدا کاتێك حاجی سمایل دەیەوێت بڕوات بۆ مانگی هەنگوینی و بەساڵح دەڵێت ئاگاو لەحەمامەکە بێت, هەر لەو کاتەدا ساڵح بە حاجی سمایل دەڵێت:-لەو ئوتێل و موتێلە زوو تەسکەرەکەی دەربێنە نەوەك بڵێن کچێتی,دەکرێت بپرسین ئایا مەبەستی لەم قسەیە چییە دەیەوێت حاجی ئیحراج بکات, حاجی سمایل بەقسەکانی سەمیرە ئیحراج نەبوو هیچی بەسەر خۆی نەهێنا کاتێك پێی دەڵێ تۆش و حەمامەکەش و حەوپشتیشت بەقوربانی ئەو هەتیوە بێت...من کەمالم خۆشەوێ کەمال, پێشتریش پێی دەڵێ حاجی تۆ وەك باوکم وایت, ڕاستە حاجی سمایل لەتەمەنی باوکیدایە بەڵام بۆچی وەستا جومعە دەڵێ:-موشکیلەنیە دەساڵ پازدە ساڵ لەو گەورە ترە گرنگ ئەوەیە حەمامەکە لەدەست نەدەم, ئایا وەستا جومعە هەست بەو جیاوازییە زۆرەی تەمەنی کچەکەی و حاجی ناکات یان حەمامەکە هەموو بیرکردنەوەی داگیر کردووە و مشەوەش بووە.

مەحاڵە لەم کۆمەڵگەی ئێمەدا پیاوێك هەبێت ئامادە بێت کچێك بخوازێت کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێکی تردا هەبێت بەتایبەتی ئەگەر لەبوونی ئەو پەیوەندییە ئاگادار بێ و سوور بزانێت بەشوو کردنیشی کۆتایی بەو پەیوەندییە نایەت بەو کەسانەشەوە کە زۆر لافی پێشکەوتن خوازی لێدەدەن مەگەر ئەو پیاوە گەواد بێت, ئەگەر حاجی سمایل بەتەمای ئەوە بێت دەرگای لەسەر داخات وبەندی کات بۆ ئەوەی لە کەمالی دوور خاتەوە, خەیاڵی خاوە وەستا جومعەیەك چونەدەرەوەی لێ قەدەغە کردبن نەیتوانیبێ بەربە خۆشەویستی سەمیرە بگرێت, ئیدی حاجی چۆن دەتوانێ: هەرچەندە بینەر هەرلە سەرەتاوە بێشبینی خۆ سوتاندنی سەمیرە دەکات, بێگومان ناکرێت وا بیربکەینەوە کە ئەو کچانەی چونەتە ژیانی هاوسەرییەوە پێشتر پەیوەندی خۆشەویستییان نەبووە...شاملۆ گوتەنی:- دێن بۆن بەدەمتەوە دەکەن/دەڵێن نەبا وتبێتت خۆشم دەوێ/دنیایەکی سەیرە گوڵم, ئیدی ئەمە دنیابینی پیاوی کۆمەڵگایەکی داخراوو پیاو سالارە, پیاوانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە گوڵێکیان پێ جوانە بۆنی پێوە نەکرابێ, گوڵێکی پاکیزە.

هیچ شتێك بەبێ کەماسی نیە وەلێ بە پێداچوونەوە چارەسەر دەکرێت جانازانم کاك حسێن ئەو ڕەخنەو سەرنج و تێبینییانە دەخوێنێتەوەو گوێیان پێدەدات کە لە بەرهەمەکانی دەگیرێت یان پشت گوێیان دەخات هەمووبەرهەمێك بە ڕەخنە پێشدەکەوێت ئەوانەی پێیان وایە هەر بۆچونە کانی خۆیان درووستەو گوێ بەوانی دی نادەن کەندەڵان لە پێشیانەو ڕووەو هەڵدێر و شکست دەڕۆن ...



سمەی قەتێ دەڵێ بۆیە کۆترەکان بەمناڵ دەفرۆشم مناڵ ئازاریان نادەن: دەکرێت بپرسین ئەگەر سمەقەتێ ئەوەندە عاشقی کۆترەکانێتی و خۆشی دەوێن بۆچی دەیان فرۆشێت, ئاشکرایە سمە هیچ ئیشێك نازانێت بەتەنها فرۆشتنی کۆترەکانی نەبێت بەمناڵان و هەڵخەڵەتاندنیان, ئەو لەوە دەترسێت ئەگەر بەگەورەی بفرۆشێت باڵی بکەن و چیتر نەگەڕێنەوە ئەوکاتە سمە یان دەبێت لە برسا بمرێت یان چاوی لە سەفەرتاسییەکەی جومعە بێت, دەکرێت لێرەدا بپرسین بەوەها کارێك ماڵ و منداڵ چۆن بەخێو دەکرێت, سمەی قەتێ پیاوێکی هێندە هێمن و لەسەرخۆ نەبووە ئەوەشمان لە قسەکانی خەجێی خێزانیدا بۆ

دەردەکەوێت کە لە دوائەڵقەی دراماکەدا دەیکات, خەجێ گەڕاوەتەوەماڵەکەی و لەگەڵ سمەی مێردیدا لەبارەی رابردووەوە دەدوێن خەجێ باس لە رابردویەکی تاڵ دەکات رابردویەکی پڕلە سوکایەتی و بێڕێزی خەجێ دەڵێ:-ئەگەر داروو دیوارەکان قسەیان بکردایە شایەتییان ئەدا لەسەر خراپی تۆ, ئەگەرچی سمە پەشیمانی خۆی دەردەبڕێ وەلێ روی راستەقینەی دەردەکەوێت لە رابردوودا لە بەرامبەر ژنەکەیدا کردەوەی وەك کردەوەکانی وەستا جومعە بووە ئەگەر چی ئەم لە بەرامبەر منداڵەکانیدا باوکێکی باش بووە...

دەکرێت کەسایەتییەکی سادەو ساکارو ساویلکەی وەك جومعە کەسایەتییەکی بەسەخاوەت بێت!؟ وەلێ ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە ئایا جومعە کەسوکارەکەی کێن بۆچی لە کەسوکارەکەی دابڕاوە! ئایا عومەر فلاش بۆچی خۆی لە کەسوکارەکەی بەدوور دەگرێت , ئایا بۆچی هەموو ئەو کەسانە لەلایەن خزم و کەس و کارەکەیانەوە بەوجۆرە پشتگوێ خراون...ئایا نەدەکرا خولە دوکەڵ و سمە قەتێ لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا تەبابن و هیوایەتەکانیشیان واتا کەڵەشێر بازی و کۆتر بازی پشت گوێ نەخەن ئەگەرچی تەنها یەك دیمەن نابینین خولە دوکەڵ کەڵەشێرێکی لە بندەستابێ یاخوود بەدیار شەڕە کەڵە شێرەوە دانیشتبێ و لێیان بڕوانێ بە پێچەوانەی ئەمەوە سمەی قەتێ چەندین جار دەبینرێت خەریکی کۆترەکانێتی: ئەوەندەی سەرنجی دەوروبەر دەدەم کەسانێکی وەك ئەو کەسایەتییانەی ناو ئەو درامایە لە واقیعدا نابینم: لەم کۆمەڵگەیەدا کەمن ئەوژنانەی ئەوەندە بەجورئەتبن لەئەنجامی پشتگوێ خستنیان لەلایەن مێردەکانیانەوە بڕیاری جیابونەوە بدەن یان مێردەکانیان جێ بهێڵن تائەو دەمەی بەئاگا دێتەوە, دوای تۆرانی خەجێ سمە بەئاگا دێتەوەو دەگۆڕێت وەلێ کەمن ئەو پیاوانەی بەتۆرانی ژنەکانیان بەوجۆرە بەخۆیاندا بچنەوە, وەك چۆن مەحاڵە وەستا جومعەکان بەخۆیاندا بچنەوەو دان بەهەڵەکانی خۆیاندا بنێن: کەمنین ئەو پیاوانەی کچەکانیان, خوشکەکانیان, ژنەکانیان, دەدەنە بەر دەستڕێژی گولە بەتۆمەتی بەدرەوشتی و لەژێر ناوی کرینەوەی ناموسیان, زۆرجار ئەو تۆمەتانەش بێبناغەن و لە دەمارگیریدا بەشوێن راست و درووستی یان ناراستی هەواڵەکەدا ناچن و ژنەی بێتاوان شەلاڵی خوێن دەکەن .



لە زۆربەی دراماکانی کاك حسێن دا خەونێك هەیە خەونی دروست بوونی لانەیەك, خەڵوەتێك, پەناگەیەك, بۆ ئەو کەسە لێقەوماوو بێ پەناو لانانە, بەدی هێنانی خەونێکی لەو جۆرە یاخود پرۆژەیەکی لەو جۆرە ئەرکی دەسەڵاتە, دەکرێت بپرسین بۆچی کەسانێکی وەك جومعە بەو جۆرە فریوو دەدرێن, تەیموری لەنگ لەهەر ناوچەیەکدا بیبیستایە دزییەك کراوە حاکمی ئەو ناوچەیەی دەهێناو لەسەری دەدا پێی وابوو ئەگەر حاکمێك دزوو فاسید نەبێت لەژێر فەرمانڕەوایی ئەودا دزی ناکرێت( مەبەست لە حاکم ئەو سەرۆك و بەرپرسانەیە کە حوکمڕانییان دەکرد ), بۆچی رێگە دەدرێت وەستا جومعە بەو جۆرە ببێتە هۆی دورکەوتنەوەی ئەو پیرە لە جومعەو چایخانەکەی ئایا بەڕاستی ئەوانە خەمخۆری جومعە بوون, ئەگەر وایە بۆچی لەوەها بارو دۆخێکدا جێی دێڵن تاوای بەسەر بێت یان ئەوانیش وەك زۆرێك لە بینەران چاوەڕوانی کاردانەوەیەکی وەها لە جومعە ناکەن, وەلێ دوای ئەوەی وەستا جومعە پێی دەڵێ:-باشە من شێت بووم بێ ئەقڵم کچ بەم بەتۆ باشە پارەو پول و کەس و عەشرەت و..جومعە لەبەر خۆیەوە دەڵێ:-راستەکەی..وەستا جومعە راستەکەی:من کێم..هەر ئەونە ئەزانم من جومعەم, دیکارت دەڵێ من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم, لەبەر خۆیەوە دەڵێ:_ ساڵ دوانزەی مانگ وەکو کەر ئیشت بۆ دەکەم , جومعە درکی بەهەندێك شت دەکرد وەلێ کۆسپی گەورەی بەردەمی ئەو ساویلکەیی و نەبوونی متمانە بوو بەعەقل و بیرکردنەوەکانی خۆی, جومعە بیرکردنەوەیەکی لاوازی هەبوو وەلێ ئەوەی جێگەی سەرنجە خۆ سوتاندنێتی لە چایخانەکەدا ئەو کردارەی جێی پرسیارە ئایە ئەو روداوانە لەچی سەردەمێکدا روویانداوە, ئایە شوێنی روداوەکە کوێیە, شوێن و کات لەم درامایەدا غایبن, ئەگەرچی بەپیشاندانی مزگەوتی گەورە و حەمامەکەی سابوون کەراندا دەزانین شوێن سلێمانییەو بەقسەیەکی وەستا جومعەیشدا کە دوای ئەوەی بیانوو بە وەستا کەمال دەگرێت بۆ بەو کۆڵانەدا هاتوو چۆ دەکات ,کەمالیش یەخەی دەگرێت, دواتر لە چایخانەکەدا دەڵێ تۆ سەیری ئەو هەتیوە خەریکبوو پەلامارم بدات ئەگەر چەند ساڵێك لەوە بەر دەبوو وەك باوکی لە ئەمنەکەی توند دەکردوو بە ئیعدام کردنی دەدا کەواتە زەمەنی دوای راپەڕینە بەڵام بۆچی وەستا جومعە بە جومعە دەڵێ خەمت نەبێ عانە بە عانە بۆم کۆ کردویتەوە و عانەیەکت نافەوتێ, لە پێشتریشدا دەبینین مشتەرییەکانی چایخانەکە پارەی ئاسن دادەنێن, پارەکەیش بچووك دیارە لە دیناری ئاسن ناچێت لە دوای راپەڕینەوە جگە لە دیناری ئاسن هیچ جۆرە پارەیەکی ئاسن مامەڵەی پێوە نەکراوە, نموونەی لەو چایخانەیەش لەم سەردەمەدا لەسلێمانی و دەوروو بەری بەدی ناکرێت, خۆسوتاندنی پیاوانیش ماوەیەکی کەمە سەری هەڵداوەو پێش ساڵانی نەوەدەکان ئەم شێوازی خۆکوشتنە لە ناو پیاواندا بوونی نەبووە و تەنها ئافرەتان پەنایان بۆ ئەم شێوازی خۆکوژییە بردووە, لەماوەی

ئەم چەند ساڵەی رابردوودا خۆسووتاندنی پیاوانیش بەرچاو دەكەوێت بەڵام زۆر بەكەمی, ئەمەیش دەما نخاتە گومانەوە, ئایە بۆچی كات و شوێن لەم درامایەدا بەشێوەیەكی بەرچاو نەخراوەتە روو, ئایا كات و شوێن لای دراما نووس گرنگی و بایەخی نییە یاخوود مەبەستێكی تایبەتی لە پشتەوەیەو ئێمە نایزانین, ئەوەیان پرسیارێكەو وەڵامەكەی بەتەنها لای درامانووس خۆیەتی.
بێگومان دەكرا روداوەكان چڕترو ئاڵۆزتربونایەو بینەر بەردەوام لە چاوەڕوانی روداوی تازەتردا بوایە, دەكرا زۆرلایەنی تری ژیانی ئەو كەسایەتییانە بهاتنایەتە ناو دراماكەوەو باس بكرانایە, دەكرا ناكۆكییەكان چڕتر بكرانایەتەوە, پێم وایە ئەگەر كاك حسێن كاری لەناو دەقی رۆمانێكدا بكردایەو درامایەكی لێ بەرهەم بهێنایە, كارەكەی جوانترو سەركەوتوو تر دەبوو, یەكێكی دیكە لە كارەكان كە دەكرا لەم درامایەدا بكرایە پیشاندانی شوێنە جوان و مێژووییەكانی كوردە, لە زۆرێك لە دراما بیانییەكاندا شوێنە حەزارییەكان سەرنجمان رادەكێشن و لەرێی ئەو درامایانەوە بەزۆر شوێنی مێژوویی ئاشنادەبین وەلێ لەم درامایەدا جگە لە چەند شوێنێكی دیاری كراو كە بەردەوام پیشان دەدرێن بینەر چاوی بەدیمەنی تازە ئاشنا نابێت ئەمەش بینەر بێزار دەكات.

2004/11/ 14

سلێمانی